نێچیرڤان بارزانی گەیشتە ئینقەرەی پایتەختی تورکیا و لەگەڵ وەجەب تەییب ئەردۆغان کۆبووە

ئەمڕۆ چوارشەممە (16ــی تشرینی یەکەمی 2024)، سەرۆکی هەرێمی کوردستان, نێچیرڤان بارزانی بە سەردانێکی فەرمی گەیشتە ئینقەرەی پایتەختی تورکیا و لەگەڵ وەجەب تەییب ئەردۆغان کۆبووە.

نێچیرڤان بارزانی ڕایگەیاند: خۆشحاڵبووم لەگەڵ سەرۆک کۆمار ئەردۆغان کۆبووەوە، کۆمەڵێک پرسمان پێکەوە تاوتوێ کرد، لەوانە ئاسایشی ناوچەکە و گەشەپێدانی پەیوەندی نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا.

شایەنی باسە، ئەم سەردانەی نێچیرڤان بارزانی بۆ تورکیا، پێش چوار ڕۆژ لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان دێت.